# ئامێری مۆبایل و ڕەشەکوژی



یوسف عوسمان حمد
Yousifhamad65@yahoo.com



چەمکی مۆبایل خۆی شۆرشێکی فرە ڕەهەندی تەکنەلۆژیایە، کۆدەتایەکی خێرابوو لە چەق بەستوویی زانستی گەیاندن، لەو ئامێرەدا هەموو گۆی زەوی لە ڕووبەرێکی بچووکدا کۆکرایەوە، بەم کارە عەقڵیەتی مرۆڤ ئەوەی سەلماند کە دەتوانێت گەورەترین ئەفسونی زانستی بکات و زەمەن بە خێراییەکی سەر سوڕهێنەر بڕوات، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەو ئامێرە وەکو ئینتەرنێت نیە هەموو کەس دەتوانێت بەکاری بهێنێت و سوودی لێوەربگرێت واتە هەموو توێژەکانی کۆمەڵ لە هەموو ئاستەکانی تەمەن و هەردوو ڕەگەز هەموو ئاستەکانی خوێندەواری و نەخوێندەواری کە هەردووکیان دەتوانن بە ڕێژەیەکی لێک نزیک وەکو یەک سوود ببینن لەو ئامێرەدا تەنها بۆ ماوەیەک پرۆڤەیان دەوێت، بەڵام بوارەکانی تری تەکنەلۆژیا بۆ نموونە ئینتەرنێت زیاتر خاوەن بڕوانامەکان و زمانزان و خوێندەوارەکان سوودی لێ دەبینن نەک نەخوێندەوار هەرچەندە پرۆڤەش بکات بەڵام توانستی بەکارهێنانی دیاریکراو دەبێت لە بەرامبەر کەسێکی شارەزاو خاوەن بڕوانامەدا.

شتێکی تر لە مۆبایل خێرایی مۆدیلەکانی لە ڕووی ڕکابەری فرە زانیاری و بەکارهێنانی بەردەوام دەگۆڕێت . هەموو ئامێرەکانی گەیاندن ئەگەر زیانی لە ڕووی ماددی و کەسی هەبێت ئەوا ئامێری مۆبایل

ئەو زیانەی کەمترە بەڵکو لە رووی کۆمەڵایەتی زیانی زیاترە ، بۆمان دەردەکەوێت ئامێرەکانی تەکنەلۆژیا جگە لە سوود گەیاندن بە مرۆڤایەتی ئەوا لە بەرامبەردا زیانیشی هەیە، بەڵام مۆبایل ئەو زیانەی لە رووی کۆمەڵایەتی هەیە بۆ ژمارە واتە لە داتای شیکاریەوە دەبێ مرۆڤ شرۆڤەی بۆ بکات و لە سەری بوەستێت ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ژمارەکان رۆژ لە رۆژ زیاتر دەبن.

لە دادگای کەتن و تاوانی هەولێر ئەو ژمارانە ئەوە دەسەلمێنێت کە رێژەی کوشتنی کچ و هاوسەر و خوشک هەروەها تەڵاقدان نزیکەی(٥٣٪)زیادی کردووە لەچاو ساڵانی پێشوو واتە پێش پەیدابوونی ئامێری مۆبایل کە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی نادروست لە رێگای مۆبایل، ئەوانەی ناپاکی هاوسەری دەکەن یاخود دەچێتە قالبی ناموس پەرستییەوە لە رێگای مۆبایل لە لایەن کەس و کارەکانیانەوە ئاشکرابوون و کوژراون ، هەمان دادگای باری کەسایەتی ئەوەی دەرخستووە کە زۆربەی ئەوانەی هاوسەری یەکترن و لە یەکتری جیادەبنەوە لە(٨٣٪)بە هۆی بوونی ژمارەیەکی نەناسراو بووە لەناو شاشەی مۆبایلی خێزانەکەی یاخود پەیوەندی بەستنی مێردەکەی بە کەسی سێیەم بەهۆی مۆبایلەوە، زۆر شەڕ و ئاژاوە لە نێوان خەڵکەکانەوە بووە بەهۆی گاڵتە پێکردنەوە لە رێگای مۆبایل، چەندان جار گوێ بیستی ئەوە دەبین کە خوێندکارێک گرزی (قۆپیە) دەکات بەهۆی مۆبایل و نامە ناردنی ئەلکترۆنی کۆمەڵێک کێشە و گرفتی کە هەموویان پۆلین دەکرێن بە کێشە و ئاریشەی کۆمەڵایەتی و لێک هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندی خێزانی و نەمانی پیرۆزی پەیوەندی هاوسەرگیری لە رووێکی ترەوە گروپی رێگرو خراپەکار و تیرۆرست بۆ کاری تێکدەرانە گەورەترین سوود لە مۆبایل وەردەگرن بۆمان دەردەکەوێت کە دیوەکەی تری مۆبایل گرفت و زیانی کۆمەڵایەتی هەیە بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وە گەلێ کارەساتی تر جگە لەوەی خودی مۆبایل گەورەترین شۆڕشی عەقلی مرۆڤایەتی بووە لە بواری راگەیاندندا. لە ژمارەکانی تری گۆڤارەکە باسی زیانی دەروونی و سکسی مۆبایل دەکەینەوە لە رووی تاک و کۆمەڵ .





**کاکی شوفێر! خێزانەکەت لە چاوەڕێتن بگەڕێیەوە ماڵەوە، با مۆبایل نەبێتە هۆی نەگەڕانەوەت .**